# هیمەتی گەڕان بەدوای زانست وزانیاریدا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

2009 - 1431

islamhouse.com

# ﴿ الهمة في طلب العلم ﴾

« باللغة الكوردية »

إعداد : زاكروس هموندي

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

2009 - 1431

islamhouse.com

# هیمەتی گەڕان بەدوای زانست وزانیاریدا

سوپاس وستایش بۆ ئەو خوایەی کە مرۆڤەکانی لەنەزانین وجەهلەوە فێری زانست وزانیاری کرد، وە درودی نەبڕاوەش بۆ سەر گیانی ئەو پێغەمبەرەی کە بەهاتنی پەیامەکەی تەنگی بەتاریکی ونەفامی ونەخوێندەواری هەڵچنی وتاسەرەنجام بەنووری ئیمان وئیسلام دونیای ڕووناك کردەوە .

خۆشەویستان گەڕان بەدوای زانست وزانیاریدا فەزڵێکی یەکجار گەورە وپڕ بایەخی هەیە لەئیسلامدا، هەر بۆیە دەبینین زانایانی ماندوو نەناسی ئەم ئومەتە ( ڕەحمەتی خوا یان لێ بێت ) ڕێگای بەرز ونشێوی زۆریان پریوە وشەو ڕۆژیان داوەتە دەم یەك تا گەشتونەتە ئەو پلەو پایە ومەکانەتەی کە ئێستا لەناو خەڵکیدا هەیانە، جا لەبەر ئەوە (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ) ئەوان بەئەرك و واجبی خۆیان هەستان و دەست بەدەست ونەوە لەدوای نەوە ئەم ئاینە پیرۆزەیان گەیاندە دەست ئێمە، ئێمەش واجبە لەسەرمان بەتایبەتی ئەو کەسانەمان کە تا ئەندازەیەك شارەزایمان لە دینەکەی خوا هەیە، ئەو ئەمانەتە بپارێزین وتەسلیم بە نەوەکانی دوای خۆمانی بکەین چونکە بەڕاستی پاراستنی ئەمانەتی ئیسلام ئەرکێکی گران وقورسە وکاتی خۆی ئاسمانەکان وزەوی توانای ئەوەیان نەبوو کە ئەو ئەمانەتە هەڵبگرن بەڵام ئادەمیزاد ئامادەیی خۆی دەربڕی کە تەحەمولی پاراستن وهەڵگرتنی ئەو ئەمانەتە گەورەیە دەکات. وەك خوای گەورە دەفەرمـوێت : **( إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنْسَـانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا )** { الاحزاب : 72 } ، واتە خوای گەورە دەفەرموێت ئەمانەتی ئەم پەیامە پیرۆزەی یەکتاپەرستیمان خستە بەردەم ئاسمانەکان وزەوی وشاخەکان کە هەڵیبگرن وتەحەمولی بکەن، بەڵام ئامادە نەبوون وەردیان کردەوە ورازی نەبوون وترس دای گرتن، پاشان مرۆڤ ئەو ئەمانەتە گەورەیەی هەڵگرت وگرتیە ئەستۆی خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ زۆر ستەمکار ونەزانیشە .

زانایان تاکە پارێزەری ئەم ئاینە پیرۆزەن هەر بۆیە خوای گەورە لەناو مرۆڤەکاندا کەسانێکی ماندوونەناس ولێبڕاو بۆ دینەکەی ئامادەکردوە تاوەکو ئەو کلتور وزانستە فراوانەی ئیسلام بە هەوڵ وتێکۆشانی شەونخونی خۆیان بپارێزن، ئەمەش بەڵێنی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت : **( إنا نحن نزلنا الذكر وإنا له لحافظون )** ئێمە ئەم قورئانە پیرۆزەمان دابەزاندووە وهەر ئێمەش ئەیپارێزین وپارێزگاری لێ دەکەین.

بەڵێ پەروەردگار بە حیکمەت وقودرەتی خۆی کەسانێکی زۆری خستە خزمەت ئاینەکەی خۆیەوە بۆ ئەوەی بەڵێنەکەی خۆی بباتە سەر بۆ نموونە کەسێکی وەك ئیمامی بوخاری بۆ پاراستنی سوونەتی پێغەمبەرەکەی ئامادە دەکات کە لەسەردەمێکی وەك ئەو کەڵە پیاوەدا کە زانستی تەکنەلۆجیاش بوونی نەبووە، ئەو زانا پایە بەرزە ئامادەیە لەپێناو زانست وزانیاریدا بە ملێونان میل

بېرێت له بوخاراوه بەپێ بگاته بەغداد بۆ ئـــەوەی فەرمـــوودەکانی پێغەمبـــەری خـوا ( صلى الله عليه وسلم ) به سەحیحی ودروستی کۆ بکاتەوه وبیان پارێزێت لەفێڵ وتەڵەکەی دوژمنان وناحەزانی ئیسلام وجیایان بکاتەوه لەفەرمووده لاواز وهەڵبەستراوەکان، دەگێڕنەوه که ئیمامی بوخاری دەبیستێت که فەرموودەیەك لای فڵان کەسێك هەیه که له فڵان جێگایه ئەویش ماوەیەکی زۆر دەبڕێت تا دەگاته ئەو جێگایەی که ئەو کەسەی لێیه، کاتێك دەپرسێت لەخەڵکی ئەو شوێنه ئەو کەسه کێ یه ؟ ئەوانیش پێی پیشان دەدەن که ئەوه فڵان کەسه که تۆ لێی دەپرسیت کاتێك که لێێ نزیك دەبێتەوه سەیر دەکات ئەو کەسەی که فەرموودەکەی لایه ئەوا چاکی هەڵکردوه و ئەیەوێت ئەسپەکەی بگرێت ئەویش گوایه ناوکوشی خوێ یان ئاڵفی تێدایه کاتێك ئەسپەکه دەمی دێنێت کابرا ڕەشوەکەی ئەگرێت وچاکی بەر دەدات، ئیمامی بوخاری ئەم ڕوداوه بەچاوی خۆی دەبێنێت که ئەم کابرایه کوشی هەڵکرد بۆ ئەوەی ئەسپەکه بخەڵەتێنێت پاشان دەرکەوت که کوشی هیچی تێدا نەبوو، هەر بۆیه ئیمامی بوخاری دەگەڕێته دواوه و فەرمووده له کابرا وەرناگرێت، ئەڵێت ئەم کابرایه درۆی لەگەڵ ووڵاخێکدا کرد ئامادەیه درۆیش لەگەڵ مندا بکات .

موحەمەدی کوڕی یوسفی فەربەری ئەڵێت : موحەمەدی کوڕی ئیسماعیل واته ئیمامی بوخاری پێی ووتم : هیچ فەرموودەیەکم نەخستوەته ناو صەحیحەکەمەوه ئیللا پێش ئەوه خۆم شۆردووه ودەست نوێژێکم بۆ گرتوه و دوو ڕکعەت نوێژیشم کردوه.

هەروەها ئەگێڕنەوه که ئیمامی بوخاری فەرمویەتی : پێنج ساڵ لەبەصره مامەوه له پێناو نوسین و دانانی کتێبەکانمدا، هەموو ساڵێکیش لەبەصرەو ئەڕۆشتم بۆ مەککه بۆ حەج کردن پاشان ئەگەڕامەوه . ( تاريخ بغداد للخطيب (9/2) .

جگه لەویش بەهەزاران زانای تریش لەمێژووی ئیسلامدا هەڵکەوتون که لەپێناو زانست و زانیاریدا ناڕەحەتی وچەرمەسەری زۆریان بینیوه بۆ نمونه کەسێکی وەك ئیمامی شافعی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) سەرەتا لەمەکه لەسەردەستی خالدی کوڕی موسلیمی الزنجی وهەندێك لەزانایانی تردا هەندێك لەزانستی فقهی وەرگرت، پاشان لەتەمەنی سیانزه ساڵیدا ڕوو دەکاته شاری مەدینه ولەسەر دەستی ئیمامی مالیکدا زانست وزانیاریەکی باش فێر دەبێت وماوەیەکی زۆر لەخزمەتیدا دەمێنێتەوه، و کتێبه بەناوبانگەکەی ئیمامی مالك ( الموطأ ) لەبەر دەکات، ئیمامی مالکیش زۆر ڕێزی دەگرێت وزۆریش موعجب دەبێت بەزیرەکی ولێهاتووی بۆیه پێی دەڵێت لەخوا بترسه بەڕاستی تۆ پاشەڕۆژێکی باش ومەکانەتێکی بەرزت دەبێت، خوای گەوره نورێکی خستوەته سینگتەوه به تاوان وخراپه نەیکوژێنیتەوه، پاشان ڕوو دەکاته یەمەن ولەناو خەڵکەکەیدا به ڕەوشت بەرز وکەسێکی خواناس دەناسرێت، هەر لەپێناو زانست وزانیاریدا ڕوودەکاته عێراق ولەوێ زۆر سەرگەرم دەبێت بەوەرگرتن وفێربوونی عیلم وبڵاوکردنەوەی مەزهەبەکەی وسونەتی پێغەمبەرەوه ( صلى الله عليه وسلم ) هەر بۆیه ئیمامی موحەدیثینی سەردەمی خۆی داوای لێ دەکات کتێبێك

دابنیت لەسەر علمی أصول الفقه، لەدوای ئەوەش هەر لە پێناو وەرگتنی زانست وزانیاریدا عێراق بەجێ دەهێڵێت وروو دەکاتە ووڵاتی میصر .

ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لەپێناو بەرگری کردن لە قورئانی پیرۆز وسوننەتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پانزە ساڵ زیندانی دەکێشێت، ئەم زانا پایە بەرزە یەك ملیۆن فەرموودەی لەبەر بووە، کتێبە بەناوبانگەکەی ( المسند ) 52 پەنجاو دوو بەرگە، ئەمە جگە لە سەدان کتێبی تریش .

ئیمامی ئەبو حەیفە ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) هێندەی بەسە کە ئیمامی شافعی لەبارەیەوە بڵێت : ( الناس عيال على أبو حنيفة ) واتە هەموو خەڵك قەرزاری زانستی ئەبو حەنیفەن .

یان کەسێکی وەك ئیمامی نەوەوی لەتەمەنی دە ساڵیەوە هەموو قورئانی لەبەرکردوە وپاشان لە گوندەکەی خۆی ( النوى ) دەخرێتە بەر خوێندن ودواتر لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا باوکی دەیبات بۆ ( دمشق ) بۆلای گەورە زانایانی ئەو سەردەمە ودەست دەکات بەگەران بەدوای عیلمدا، لەتەمەنی 45 ساڵیشدا وەفاتی کردوە، واتە بەماوەی بیست وحەوت ساڵ ئەو پاشخانەی لە زانست و زانیاری وەرگرتوە و نوسیشیەتیەوە کەتاکە کتابێکی ئەو زانا پایە بەرزە وەك کتابی ( المجموع شرح المهذب ) بیست وسێ بەرگە، خۆ ئەگەر سەیر بکەین وبیر بکەینەوە لە کلتوور وتراثی ئیمامی نەوەوی وئەو زانا پایە بەرزانە سەرت سوڕ دەمێنیت لەو ڕۆژگارەی کە وەك ووتمان هۆکانی گواستنەوە و گەیاندنیش هیچی وەك ئێستا نەبووە، بەپێ لەم گوند بۆ ئەو گوند وبە نەبوونی وهەژاری وکەم دەرامەتی ولەبەر چرا وفانۆس شەونخونیان کێشاوە تاوەکو بخوێنن وبنووسن، چۆن پێراگەشتووە وفریای ئەو هەموو زانستە کەوتوون؟!!! مەگەر تەنها لەئاستیاندا هەر ئەوەندە بڵێین ئەوانە کەسانێکی لێبڕاو بوون بۆ دینەکەی خوا و پەروەردگاریش بەرەکەتی خستوەتە تەمەن وکاریانەوە .

کەڵە پیاوانەی ئیسلام وهەزارانی تری نموونەی ئەمانە بە یارمەتی خوا وپاشان بەجوهد وتیکۆشانی لێبڕاوانەی خۆیان شەو ڕۆژیان خستە سەر یەك وبە گیانێکی ماندوو نەناسانەوە ئەوەی لەتوانایاندا بوو درێغیان نەکرد لەخزمەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، هەر لەبەر ئەوە کاتێك ئیسلام خاوەنی ئەو کەسە لێبڕاو وزانا ماندوو نەناسانە بوو شارستانیەتی ئیسلام تەواوی سەر زەوی ڕووناك کردەوە وبەهەموو جیهاندا بڵاو بویەوە و لەهەموو لایەکەوە ڕوویان دەکردە پایتەختی خیلافەتی ئیسلامی لەپێناو وەرگرتنی زانست وزانیاری وبەهەرەمەند بوون لێێ، بەڵام ئەو کاتەشی نەوەکانی ئیسلام وهەڵگرانی ئەو هیمەت وگەرم وگوڕییەیان نەما وپشتیان لە ئاینەکەیان و زانست وزانیاریش هەڵکرد خوای گەورە ئەو سەرمەشقی وپێشەوایەتیەی لێ سەندنەوە وتووشی ناڕەحەتی ژیان وچەرمەسەریەکانی کردن وەك دەفەرموێت : (**وَمَنْ أعْرَضَ عَنْ ذِكْري فَإنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أعْمَى** ) { طه : 124 } واتە : هەرکەس پشت هەڵبکات لە ئاین

وبەرنامەکەی من ئەوە ژیانێکی ناخۆش وکوێرەوەری دەبێت لەدونیا ولەپاشە ڕۆژیشدا بەکوێری حەشری دەکەم .

ئەوەی ماوەتەوە بڵێین زۆر حەیفە بۆ ئێمە وئەو کەسانەمان ناوی خۆمان ناوە ( طلبەی عیلم ) لەگەڵ بوونی ئەو هەمووە هۆکارە بۆ فێربوون وخۆ دەوڵەمەند کردن بە زانست و زانیاری کەچی هێندە هیمەتمان نیە لانی کەم بچین ژیانی ئەو زانا پایە بەرزانە بخوێنینەوە و وانەی لێبڕاوانە وماندونەناسیان لێوە فێر بین، چونکە خۆشەویستان خوای گەورە لەڕۆژی دوایدا لەسەر یەك بەیەکی ئەو نازو نیعمەتانەی کەپێی بەخشیووین لێمان دەپرسێتەوە بەتایبەتی نیعمەتی کات و تەمەنمان وەك پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : **" لا تزول قدما عبد يوم القيامة حتى يُسأل عن عمره فيم أفناه ؟ وعن علمه فيم فعل فيه ؟ وعن ماله من أين اكتسبه؟ وفيم أنفقه ؟ وعن جسمه فيم أبلاه".** رواه الترمذي وقال: "حديث حسن صحيح" ، وصححه الألباني في الترغيب برقم (126) .

واتە : لەرۆژی دوایدا هیچ عەبدێك پێیەکانی هەڵناهێنێت هەتا پرسیاری لێ دەکرێت لەتەمەنی کە لەچیدا بەسەری برد؟ وە لەو عیلم وزانستەی کە هەیبوو چی پێکرد ؟ وە لەو ماڵ وسامانەی چۆن دەستی کەوت ولەچیشدا سەرفی کرد؟ وە لە لاشەی کە لەچ کارێکدا بەکاری هێنا .

خوای گەورە یارمەتی هەموو لایەکمان بدات بەتایبەتی ئەو کەسانەمان خۆمان بەمیراتگری پێغەمبەران وزانایانی ئیسلام دەزانین، شارەزامان بکات لەدینەکەی وئەوەشی فێرمان دەکات موەفەقمان بکات کاری پێ بکەین وبتوانین بیگەیەنین بەکەسانی تریش تاوەکو ڕوومان هەبێت لەڕۆژی دوایدا خۆمان بەئومەتی پێغەمبەرەکەمان بزانین، ئەی خوای گەورە بە ئومەتی محمد المصطفى مان حساب بکەیت و لەگەڵ ئەویشدا حەشرمان بکە و هەر لەگەڵ ئەویشدا کۆمان بکەرەوە لە بەهەشتە فراوانەکەی خۆتدا ( ئامین يارب العالمين ) .

والسلام عليكم ورحمه الله وبركاته